# ئایا شەرم نەکەم لە پیاوێک؛ فریشتەکان شەرمی لێدەکەن

لە عائیشەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پاڵی دابووەوە لە ماڵەکەمدا، ڕان وساقەکانی* بە دەرەوە بوو، ئەبوبەکر ڕوخسەتی وەرگرت (بۆئەوەی بێتە ژوورەوە)؛ ئەویش ڕوخسەتی پێیدا وهەر لەسەر ئەو حاڵەتە بوو (ڕان وساقەکانی دانەپۆشیبوو)، ئەبوبەکر قسەی لەگەڵیدا کرد، پاشان عومەر ڕوخسەتی وەرگرت، ئەویش ڕوخسەتی پێیدا، ئەویش هەر لەسەر ئەو حاڵەتە بوو، عومەر قسەی لەگەڵیدا کرد، پاشان عوسمان ڕوخسەتی وەرگرت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دانیشت وجلەکانی ڕێککردەوە -یەکێک لە گێڕەرەوەکان بە ناوی موحەمەد دەڵێت: نالێم ئەمە ڕووبداوە لە یەک ڕۆژدا-، کاتێک دەرچوو، عائیشە ووتی: کاتێک ئەبوبەکر هاتە ژوورەوە؛ زۆر بە لاتەوە گرنگ نەبوو -جلەکانت ڕێک نەکردەوە- وموژدەیەکی زۆر خۆش نەبوو بۆت، پاشان عومەر هاتە ژوورەوە؛ زۆر بە لاتەوە گرنگ نەبوو -جلەکانت ڕێک نەکردەوە- وموژدەیەکی زۆر خۆش نەبوو بۆت، پاشان عوسمان هاتە ژوورەوە دانیشتیت وجلەکانت ڕێککردەوە -کۆکردەوە- فەرمووی: «ئایا شەرم نەکەم لە پیاوێک؛ فریشتەکان شەرمی لێدەکەن». *(ساق: ئەو ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆ وقولەپێکان پێکەوە دەبەستێتەوە)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاڵی دابووەوە لە ماڵەکەیدا، ڕان وساقەکانی* بە دەرەوە بوو، ئەبوبەکر ڕوخسەتی وەرگرت (بۆئەوەی بێتە ژوورەوە)؛ ئەویش ڕوخسەتی پێیدا وهەر لەسەر ئەو حاڵەتە بوو (ڕان وساقەکانی دانەپۆشیبوو)، ئەبوبەکر قسەی لەگەڵیدا کرد، پاشان عومەر ڕوخسەتی وەرگرت، ئەویش ڕوخسەتی پێیدا، ئەویش هەر لەسەر ئەو حاڵەتە بوو، عومەر قسەی لەگەڵیدا کرد، پاشان عوسمان ڕوخسەتی وەرگرت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دانیشتنەکەی ڕێککردەوە، وجلەکانی ڕێککرد وڕان وساقەکانی داپۆشی، پاشان ڕوخسەتی پێیدا کە بێتە ژوورەوە، ئەویش هاتە ژوورەوە وقسەی لەگەڵیدا کرد، کاتێک دەرچوو، عائیشە ووتی: کاتێک ئەبوبەکر هاتە ژوورەوە؛ زۆر بە لاتەوە گرنگ نەبوو -جلەکانت ڕێک نەکردەوە- وموژدەیەکی زۆر خۆش نەبوو بۆت، پاشان عومەر هاتە ژوورەوە؛ زۆر بە لاتەوە گرنگ نەبوو -جلەکانت ڕێک نەکردەوە- وموژدەیەکی زۆر خۆش نەبوو بۆت، پاشان عوسمان هاتە ژوورەوە دانیشتنەکەت ڕێککردەوە وجلەکانت ڕێککردەوە -کۆکردەوە- وڕان وساقەکانت داپۆشی؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئایا شەرم نەکەم لە پیاوێک؛ فریشتەکان شەرمی لێدەکەن): واتا فریشتەکانی پەروەردگار شەرم دەکەن لە عوسمان، چۆن من شەرمی لێنەکەم؟!. وئەم فەرمودەیە بەڵگە نییە لەسەرئەوەی کە ڕان عەورەت -شەرمگە- نییە؛ بەڵام ئەم دەرخستنە لە فەرمودەکەدا گومانێکی لەسەرە، ئایا مەبەست لە ڕانەکانە یان ساقەکان، بۆیە بەهۆی ئەم فەرمودەیەوە دڵنیایی نییە لەسەر ئەوەی کە دروستە ڕانەکان دەربکەون؛ چونکە ئەو فەرموودانەی دەرخستنی بەشێک لە ڕانی تێدا هاتووە لە کردەوەی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- نەک لە وتەکانی بێت، وئەم فەرموودانە هاوەڵە گەنجەکان گێڕاویانەتەوە، بەڵام ئەو فەرموودانەی کە تێیدا هاتووە؛ ڕان عەورەتە -شەرمگەیە-؛ ئەوانە دەبێت جێبەجێ بکرێت، وئەوانەی گێڕاویانەتەوە لە گەورەکانی هاوەڵانن، ولە وتەی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، و وتە لە پێش کردەوەیە، وکردەوەکان چەند ئەگەرێک لەخۆدەگرن، چونکە دەرخستنەکە لە پێش کەسانی نزیک بوو؛ نەک بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو شوێنێک، لیژنەی فەتوادان (اللجنة الدائمة للإفتاء) لەسەر ئەوەیە کە ڕان لە عەورەتە -شەرمگەیە؛ بۆیە نابێت پیاو دەربخات تەنها خێزانەکەی دەتوانێت ببینێت یان لە حاڵەتێکی زۆر پێویستدا. *(ساق: ئەو ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆ وقولەپێکان پێکەوە دەبەستێتەوە)